# کەی بەرپرسە حزبی و حکومیەکان ملکەچی یاسا دەبن؟؟؟

هشام ئاکرەیی

- چەند ئاسایشێک لە پارێزەرێک دەدەن لە ناو بنایەی مەحکەمەی سلێمانیدا (جەماوەر ٣٨)
- کادرێکی عەسکەری (پارتی) دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەفسەرێکی پولیسی هاتوچۆ لە سلێمانی (هاوڵاتی ١٣٢)
- بەرێوبەری پۆلیسی هاتوچۆی کەرکوک لە پێنج پۆلیس دەدات (هاوڵاتی ١٣٠)

ئەمانە دلۆپێکن لە دەریای هێرشکردن و لێدان و پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیان لە لایەن بەرپرسە حزبی و حکومیەکانی زلپارتەکانی باشووری کوردسانەوە. ئەمانە تەنیا چەند رۆداوێکن کە وەک نموونە ویستم بەکاریان بێنم و هەفتەنامەکانی باشووری کوردستان توانیویانە تومار بکەن و بڵاویان بکەنەوە. من دڵنیام لەوەی کە چەندەها رۆداوی تری لەم چەشنە رۆژانە لە باشووری کوردستان رۆدەدەن بەڵام رۆژنامەگەری هەژاری کوردستان چونکە نوێنەری نیە لە هەموو جێگا و شارێک، یان ئاگای لێ نیە، یانیش لە بەر هەندێ هۆی نادیار بڵاوناکرێنەوە.

هەلبەتە ئەم جۆرە هەواڵانە لە رۆژنامەکانی زلپارتەکان بڵاوناکرێنەوە. وەک بڵێی ئەگەر بڵاونەکرانەوە کەس نایان زانێ، یانیش رۆی نەداون.

هەردوو دەسەڵاتی باشووری کوردستان چەندین ساڵە باسی سەرووەری یاسا دەکەن وهەوڵدانان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی. لەوانەیە تا رادەیەک سەرکەوتنیان بە دەستەوە هێنابێت و هاوڵاتیانی ئاسایی حورمەتی یاسا بگرن. بەڵام تا وەکوو ئێستا ئەندامانی ئەو حزبانە و بە تایبەت بەرپرسە حزبی و حکومیەکان زیاد لە هەموو کەسانی تر، رێز لە یاسا ناگرن و دەسەڵاتی خۆیان بەکاردێنن بۆ چەوساندنەوەی هاوڵاتیانی تر.

راستە، لە وانەیە هەموو کەسێک تووشی شەر بێت، یان کێشەی هەبێت لە گەڵ هاوڵاتیەکی تر، بەڵام دەبێ چۆن کەسانی ئاسایی سزا دەدرێن، بە هەمان شێوە بەرپرسە حزبی و حکومیەکانیش سزا بدرێن بە گوێرەی یاسا. نەک کەسانی ئاسایی زیندانی بکرێن و بەرپرسە حزبیەکان لە ناو مونیکەکاندا بسوورێنەوە.

ئاسایشێک لە پارێزەر بدات دەبێ راستەوخۆ لە لایەن دەزگای ئاسایشەوە تەسلیم بە پۆلیس بکرێت و بە دوو شێوە سزا بدرێت. یەک چونکە تەعەدای کردوە سەر کەسێکی تر و دوەم لە لایەن ئاسایشەوە، نەک بە شێوەیەکی شەکلی ببرێتە دادگا.

کادرێکی عەسکەری بە حمایەکەیەوە لە پولیسی هاتوجۆ بدات، جگە لەحوکمی یاسا دەبێ پارتەکەی تەحویلی لێپرسینەوە بکات. بوونی کەسانێکی ئاوایی لە ریزەکانی هەر پارتێکدا زیانێکی گەورە لەو پارتە دەدات.

دەبێ زلپارتەکان بزانن کە یاساکانی هەلسوراندنی جەماوەر لە وڵاتێکی دیموکراتدا، جیاوازن لە یاساکانی وڵاتانی دکتاتوور. ئەگەر سبەینێ هەڵبژادنێکی ئازاد لە باشووری کوردستان بەرێوە ببرێت، ئەم جۆرە کەسانە دەبنە خاڵی رەش لە نێوچاوانی ئەو پارتەدا. هەر کۆمەڵگایەک بەرپرسیاران و دەسەڵاتدارانی ملکەچی یاسابن و دەستدرێژی نەکەنە سەر هاوڵاتیان، ئەندامانی تری ئەو کۆمەڵگایەش رێکوپێک و شارستانین و بپێچەوانەکەشی راستە. ئەگەر گوتەی" ئەوەی هەتە لە کوێت هینا" (من این لک هدا) کاتی خۆی جێبەجێ کرابا، ئیستا بەرپرسانی تری حزبی و حکومی وەک سەعات کاریان دەکرد.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org